# خەڵاتی جاویدانی  یان  سەرزەنشتی ئەرخەوانی   ؟



**هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند**

دەڵێن : شەڕاب تا کۆنتر بێ ، تامی خۆشتر دەبێ  ،  بەڵام وادەی یەکگرتنەوەی هەرێمە دوو قوتبییەکەمان ، تا کۆنتر دەبوو ، تامی ناخۆشتردەبوو  .
خۆشبەختانە ئەوجارەشیان دەستمان بە هێواشی لەسەردڵمان لابرد و کابوسی یەکدیکوشتنەوە ، نەیتوانی هەراسانمان بکاتەوە . بەڵام ئەوەی دەتوانێ تا ئێستاش لە ئەگەر و نەگەردا بمانهێڵێتەوە ، ئەو راستییە نەشاردراوەیەیە کە : دوو زلحیزبەکان ، هەرچەندە خۆشیان وایپێشاندەن کە رێککەوتنەکانیان ریشەیین  و دڵنەواییمان بدەنەوە ، بەڵام ناتوانن حاشا لەوەبکەن کە بچوکترین لێکحاڵینەبوون ، توانای نانەوەی قەیرانی قوڵی سیاسی و ئیفلیجکردنی رەوڕەوەی خۆبەڕێوەبردنی لە وڵاتدا  هەیە .

*          *          *

ئەو رۆژانە ، کە دیم  دەربارەی یاسای سەرۆکایەتیی کوردستان ، گفتوگۆ و راگۆڕینەوە هەیە ، هەرچەندە بە نیگەرانییەوە لە رەوشەکەم دەڕوانی ، بەڵام  درێژەکێشانیم  پێباشتربوو،  لەوەی کە دیسان بە پەلەپەل پێکبێنەوە لەسەر ئەوەی کە پێکنەیەن  .
مخابن ، لە چەندساڵی رابردوودا، شاهێدی هەموو ئەو پێکهاتنە بە پەلانە بووین، کە دەرەنجامەکانیان خۆشحاڵیان نەکردین ، هەر لە دوای راپەرینەوە ، زلحیزبەکانمان پێکهاتن ، بەڵام دواترێ شەڕی ناوخۆیان کرد و پەرلەمانێکی پیر و نەوەیەکی ماندوو و سەرگەردانیان بەدوادا هێنا . لە دوای رووخانی سەددامیش ، لەسەر هەموو شتێک پێکهاتن و پاشترێ دەرکەوت کە  رێککەوتنەکەیان بە پەلەپەل بووە و بە قەولی خۆیان : باسی تەفاسیلەکانیان تێدا نەکردووە ! ، بۆیە ئەوجارەیان کە پێکهاتنەکەیان ماوەیەکی زۆرتری خایاند تا گەیشتە ئەنجام ، بە دڵەڕاوکێوە لە خۆمم پرسی : تۆ بڵێی ئەمجارەش  باسی تەفاسیلەکانیان نەکردبێ ؟! .

*            *            *

ئەوە تەنها پرسیارم نییە ، پرسیارگەلی دیکەش هەن کە هەمیشە بە خۆیانەوە مژۆڵمدەکەن و بە دوای دەلیڤەیەکدا دەگەڕێم بۆ وەڵام وەرگرتنەوە ، دەپرسم : میللەتێک کە حازربێ بە چاک و خراپی سەرکردەکانی بسازێت ، میللەتێک کە قبوڵبکا ڕۆژێک مژدەی سەرخۆبوونی بدرێتێ و ڕۆژی دواتر ئیمزای فیدەڕاڵیی پارێزگاکانی بۆ بکرێ ، میللەتێک لە جیاتی ڕژانە سەرشەقام ، لە کاتی قەیران و لێکدیگرژبوونی حیزبەکاندا ، لەسەر بەرماڵ دۆعای خێر و ئاشتیخوازی بخوێنێ ، میللەتێک نزیکی پانزەساڵ تەحەمولی ئەقڵی پاوانخوازیی دەسەڵاتدارەکانی بکات ، دەبێ شایستەی خەڵاتێکی جاویدانی بێ ، یان سەرزەنشتێکی ئەرخەوانی ؟! .

*            *            *

بڕیار وایە کە تا چوارساڵی دیکە ، پێکهاتبین کە شەڕی دەسەڵات نەکەین و خەریکی نێوماڵ ڕێکخستنەوە بین ، دەشێ لەو چوارساڵەدا ، بناغەیەک بۆ خۆئیدارەکردنێکی جوانتر دانێین ، دەشێت چیدی پەیڕەوکردنی سیاسەتی تاکەحیزبی دەسەڵاتدار قبوڵنەکەین ، دەشکرێ بە جددی بیر لە قووڵکردنەوەی ڕۆحی یەکدیویستن و پەراوێزنەکردنی ئەقڵە کاراکان و ڕێزگرتن لە ڕای خەڵک بکەینەوە ، یانیش لەبیرمان نەچێت کە : پێویستمان بە پەلەکردن هەیە ، لە دانان و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی فەرهەنگیی تۆکمە ،کە بتوانێ لەو بێئاگاییە سەنگینە دەربازمان بکات کە ئەوڕۆ تێیدا دەژین .

*            *            *

بەهەرحاڵ ، لە ئێستاوە لە هەلومەرجێکی دیرۆکیی تایبەتدا دەژین ، چونکە کۆمەڵێک شەڕی پۆلەتیکی و ڕەنگە ناپۆلەتیکیشمان لە پێشبن ، ئەرکی سەرشانی زلحیزبەکانیش زۆر سوک نییە ، چونکە ناچارن ، ئەگەر بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو ناهەقییانەش بێت ، کە دەرهەق بە میللەتەکەیان کردوویانە ، پێداگیری بکەن لەسەر ستاندنی ئەو مافە کەمەی هێشتا بە زۆرخۆبەنیشتمانکردووەکانمان پێمانی ڕەوانابینن .
چەندە ئەوان بەو ئەرکە هەڵدەستن و نامانکەنە قوربانیی دەستکەوتێکی چکۆلەی حیزبیی دیکە ؟ ، پرسیارێکە و لە ئایندەیەکی نادووردا ، جوابەکەی دەبیستین .

www.hemnabdulla.blogspot.com